# چەند سەرنجێك لەسەر ووتارەكەی كاك مەسعود بارزانی ..

**كەمال ڕەئوف**

وەك شتێكی چاوەڕێ نەكراو كاك مەسعود بارزانی لە سەروبەندی هەلومەرجێكی ئالۆزی وەك ئەم دەورانەی ئێستای عێراق و كوردستاندا لەرۆژنامەی خەبات لەژمارە(1321)دا ووتارێكی لەژێر ناونیشانی (یەكگرتنی ئارەزوومەندانە لەعێراقێكی فیدرالی یەكگرتوودا چارەسەرە نەك تەنها بۆكێشەی كورد , بەڵكو بۆعێراقیش ) دا بلاْوكردەوە , ئەم ووتارە لەم كاتەدا نەك هەردەستپێشخەرییەكی گونجاوە بۆ ئەوەی خەڵكی كورد بزانێ لە ناومەجلیسی حوكم چی دەگوزەرێ و چی لەسەر كێشەی كوردو فیدرالی هەیە , بەڵكولەهەمان كاتیشدا مانای دەركەوتنی سەرەتایەكی تازە دەگەیەنێت لە شەفافیەت بوون لەڕاو بۆچونەكانی كاك مەسعود وەك سەركردەیەكی كوردی وئەندامی مەجلیسەكەو سەرۆكی یەكێك لەحیزبە گەورەكانی كوردستان ,بۆیە دەشڵێین چاوەڕێ نەكراو, چونكە كاك مەسعود بەدرێژایی مێژووی خۆی ئەو سەرنجەی لەسەرە كە كەمترین شت دەدركێنێ لەسەر ڕاو بۆچوونەكانی خۆی و كەمتر حەزی بەوەكردووەكە پێش وەخت ڕاو بۆچوونەكانی خۆیلەسەر ڕووداوەكان ئاشكرابكات , بۆیە بەگشتی ئەم هەنگاوەی ئێستای لای زۆرینەی خەڵكی كورد بەكارێكی پوزەتیفانە دەدرێتە قەڵەم ئەگەر بوار بدرێت گوێ لەڕاوبۆچوونەكانی خەڵكیش بگیرێت و گفتوگۆی ڕاشكاوانەیان لەسەر بكرێ ووەلاْمەكان وەرگیرێتەوە , بەلاْم سەبارەت بەناوەڕۆكی ووتارەكەو ئەو سەردە مێژووییەی كەتێیدا هاتووە , بەڕاستی قسەو باسێكی زیاتر هەڵدەگرێت و منیش وەك بەرێزی لە سەرەتای نووسینەكەیدا ئاماژەی بۆكردووەدەمەوێت تێبینیەكانم لەسەر هەندێك لایەنی بابەتەكە وبۆچوونەكانی دەربڕم .

کاك مەسعود لەسەرەتای نووسینەکەیدا دەڵێت : (ماوەیەکە هەست بەنیگەرانی و ناڕەحەتییەك دەکەم سەبارەت بەمەسەلەی فیدراڵیەت وئایندەی عێراق و کورد) گوایە بۆیە ئەو گوتارەی نوسیووە تاکو هەمووان بگەینە قەناعەتێکی هاوبەش , ئەو نیگەرانی و بیرو بۆچونەی کەلەم پەرەگرافەی ئێرەدا هاتووە بەڕاستی دەبوو بەر لەچەندساڵ لەمەو بەرو لەکاتی شەڕی ناوخۆدا بیگووتایەو ئەو هەست و نیگەرانییەی لا دروست ببوایە , چونکە ئەوکاتە نیگەرانیەکەی هاوزەمانی نیگەرانی خەڵکی کورد دەبوو نەك ئێستا , چونکە خەڵکی کوردبەر لەچەندساڵ لەمەوبەورو ئەوکاتە تووشی نیگەرانی بوون کەلە ژیانی دووئیدارەیی و شەڕی ناوخۆدا هەموودنیا جگەلەدوژمنەکانی کورد ببووە ڕجاکاری ئەو دووسەرکردەیە تاکو کۆتایی بەشەڕی نێوانیان بهێنن و بیر لەوەزعی خەڵکی کوردو ئایندەی بکەنەوە ,کەچی ئەوان قسەی کەسیان نەبیست و پتر لەنیوەی ئەو دوانزە ساڵەی باسی دەکرێت بەشەڕو بارگرژی لەنێوانیاندا بردیانە سەرولەسەر گۆشتو خوێنی خەڵکی کوردستان مەسرەفیان کێشا ! کاك مەسعود لەکاتێکدا دێتە گووتن و هانی خەڵك دەدات تاکو تێبینیەکانی خۆیان لەسەر ئایندەی کورد ئاشکرا بکەن تا تێگەیشتنی هاوبەش بێتە ئاراوە کەتازە کار لەکار ترازاوە و ئەوان وەك دووسەرکردەی جیاوازو وەك دوو بیروڕای جیاوازو تاڕادەیەکیش دژ بەیەك لەحزەیەك لەلەحزە حەساس و مێژووییەکان تێپەڕی و ئەوان وەك نوێنەری حیزب و بەبێ بەرنامەیی چوونە پای کۆ بوونەوەکانی بەغدادەوە ,ئەوکاتە خەڵك توشی ڕەش بینی و نیگەرانی بوو ,کە پارتی و یەکێتی وەك دوو حیزبی کوردی دژ بەیەك لەماوەی چەندساڵی ڕابردووی خوێناوی نێوانیاندا ئامادەبوون لەگەڵ هەموولایەکدا ڕێکەوتن مۆر بکەن و سازش بکەن جگەلەخۆیان نەبێ, ئێمە ئەو کاتە نیگەران و نارەحەت بووین , کەلەشکری هەرچوار لا بۆسەر یەکتری بانگهێشت دەکراو چەپڵەی سەرکەوتن بۆ لەشکرەداگیرکەرەکان لێدەدرا , من لەسەرەتای خوێندنەوەی ووتارەکەی کاك مەسعود وام دەزانی کە ئەو بەڕێزە گرتنی سەدامی دکتاتۆر و

هاتنە ئاراوەی هەلومەرجی تازە دەكاتە مناسەبەیەك و لەوێوە ڕەخنە لەهەموو شتەخراپەكانی چەند ساڵی دەسەڵاتدارێتی ڕابردووی خۆیان دەگرێت و داوای لێبووردن لەخەڵكی كوردستان دەكات , كە بەدڵنیاییەوە تاكو ئێمە ئەو جورئەتەمان نەبێت ئەواناتوانین لەكارە دزێوو خراپەكانمان تێپەڕین و دەست بدەینە كایەو بیركردنەوەیەكی تازە , یان ئەگەر بەڕێزی ئەوەی بكردایە , بێگومان زۆر ڕاشكاوانەتر دەیتوانی ئەو سەردە مێژووییەی كەلەدوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 وە لەنووسینەكەیداكردوویەتی دروستتر بیپێكێت , بەڵام كاتێك كەئەو دەڵێت : ( لێرەوە دەبێ سوپاسی هەریەك لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا وبەریتانیاو توركیا وئەو ماوەیەی كەفەرەنسا بەشداری كرد , بكەین كەهەر هەموویان توانیان لەماوەی دوانزە ساڵی ڕابردوودا ئەم گەلە بپارێزن و گەلیش بەكردەوە سەلماندی كە ئەگەر دەرفەتی بۆ برەخسێ دەتوانێ بەرێكو پێكی ئیدارەی خۆی بكات ) ئیتر دەردەكەوێت كە كاك مەسعود دەیەوێت لێرەدا پێمان بڵێت كەلەماوەی ئەم دوانزە ساڵەی حوكمداری ئەوان و یەكێتیدا گەل بەرێكو پێكی ژیاوە ! ئالێرەوەیە ناتوانین گومان نەكەین لەتێگەیشتن و نسبیی بوونی رێكوپێكی لای حیزب و لای هاوڵاتیان , دیارە بۆ ئەوان بۆیە هەلومەرج و ژیانەكە رێكو پێك بووە چونكە لە گۆڕپانەكەی ئیدارەی پارتیدا وەك ئیدارەكەی یەكێتی هیچ كەس ولایەنێك نەك هەر نەیتوانیووە كێبەركێیەتی سیاسی ودەسەڵاتیان لەگەڵدا بكات و بەدرێژایی ئەو دەسەڵاتە هەڵبژاردنێكی نەزیهانەئەنجام نەدراوە , لەهەمانكاتیشدا هیچ كەس و لایەنێك نەبووە كە كێبەركێیەتی بازرگانێیەتیشیان لەتەكدا بكات و هەر خۆیان بكوژ و ببڕی مەیدانەكان بوون , ئەوكاتە لای ئەوان رێكو پێك بووە كە پەرلەمان بۆیەك جار هەڵبژێردراوبەهۆی ململانێیەتی حیزبیەوە دووبارەبوونەوەی بەخۆیەوە نەبینی و مافی هەڵبژاردنیان لەخەڵك زەوت كرد ؟,یان لەبەر ئەوەی كە هیچ دامو دەزگایەكی حكومی و ئیداری نەمابوو حیزب پاوانی نەكات بۆخۆی ؟یان لەبەر ئەوەی لەبەردەم شالاوی حیزبیدا كەس لەترسی نانبڕین و ڕاوەدونانەوە

نەیدەتوانی دەم بکاتەوە و نەیدەزانی میزانیەو داهاتی و خەرجی حکومەت چەندەو چەندی لێ سەرف دەکرێ و چەندی لێ هەڵدەگیرێت بۆ ڕۆژی تەنگانە ؟ یان ئەوکاتەی کەس بوی نەبوو بتوانێ بزانێت پەیوەندی حیزب و حکومەت لەکوێدا یەك دەگرێت و لەکوێدا لێك جیا دەبێتەوە ؟ ئایابەدرێژایی ئەو سەردەمە کەس هەبوو بەئەندامانی سەرکردایەتیەکانیشیانەوە زاتی ئەوەبکات وپێیان بلێت پەیوەندی ئێوەو حکومەتی بەعس لەچ قوناغێکی دۆستایەتی و دوژمنایەتیدایە؟خەڵك ئەو کاتە نیگەران بوون کە بوارەکانی ڕاگەیاندن و دادوەرییەکان پاوان کرابوون و وەك کۆمیتەیەکی حیزبی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا . من تێناگەم کاك مەسعود چۆن دەتوانێت بەو دوانزە ساڵە بلێ ڕێکو پێك کە بەدەیان هەزار کوژراو ئاوارەو دیل لەنێوان شەڕی یەکێتی و پارتی و پەکەکەو حیزبەکانی تردا هەبووە وچەندین ژن بەتاوانی ناموس پەرستیەوە بوونەتە قوربانی دەسەڵاتی پیاوسالاری, ئەی ئەوە هەر بەرێزی نییە کەلە شوێنێکی تردادەلێت لەشەڕی دژی پەکەکەدا سێ هەزار پێشمەرگەمان شەهید بووە؟ , یان چۆن دەتوانین بڕوا بەو قسەیەبکەین کەباس لە برایەتی کوردو عەرەب و تورك و کلد و ئاشوری دەکات , کە ئەوان بۆ خۆیان بەدرێژای دەسەڵاتدارێتی دوانزەساڵەیان نەیان توانی لەتەك یەکتریدا ببنە برا و پێکەوە هەڵبکەن و یەکتری بەجیاوازییەکانیانەوە قبولّ بکەن؟ پاشان لەشوێنێکی تری ووتارەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە کورد بەدرێژایی مێژووی خەباتی بۆ ئەوەنەکردووە کەپارێزگا کوردییەکان لەیەکترجیا بکرێنەوە! سەیرە ئێوە سەیری ئەو دەربڕینەی کاك مەسعود بکەن!, ئەو ئەم قسەیە لەکاتێکدا دەکات کە ماوەی چەند ساڵە پارتی و یەکێتی بۆ خۆیان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لەهەموو ڕوویەکەوە لەیەکتری جیاکردۆتەوە , ئەوان لەچەندساڵی ڕابردووداو ئێستاشی لەگەڵدا بێت , بە دووئیدارەو دوو حکومەت کاریان کردووە و ئابلۆقەی ئابوریان خستۆتەسەرناوچەکانی یەکتری و هیچ بریارێکی ئەولا بۆ ئەملا نەیخواردووە و تەنانەت تەنگو چەڵەمەی ئابوری وئەمنیشیان بۆ یەکتری

دروست كردوه , جا ئەگەر كورد هيچ كاتێك خەباتی بۆ ئەوە نەكردووەو ئەوەی نەخواستووە ئەی لەپای‌چی ئەم چەندسالەی رابردوو خەلكی شارەكانی ژێر دەسەلاتی خۆتانتان لەیەكتری دابری ؟ ئەی لەپای چی دووحكومەتان پێكهێناو قەیدو بەندی گومرگی و ئاسایشتان لەسەر هاتووچۆی هاولاتیان دانا؟ لێرەوەیە كەمن گومان لەماناو ناوەرۆكی سەردێری ووتارەكەش دەكەم كەباس لەپێكەوە ژیانی ئارەزوومەندانە دەكات , رەنگە حیزب لەو لەحزەیەدا پێمان بلێت كەمن ئارەزووم لەهەر بریارێك هەبوو ئەوا واتە خەلكی كورد ئارەزووی لێیە , ئاشكراشە ئەم زەوتكردنی رادەربرینەی خەلكی هیچ نییە جگەلەپێشێلكردنی سەرەتایترین مافی هاولاتیان, یان بەجۆرێكی تر ناكرێت ئێمە بۆخۆمان و لەناو خۆماندا ژیانی ئارەزوومەندانە رەتبكەینەوە و لەلایەكی تریشەوە لەخەلكی داوابكەین , ئەگەر یەكێتی و پارتی بروایان بەژیانی ئارەزوومەندانە ورای جیاواز هەبووایە , ئەوا بەدلنیاییەوە نەمالە پارتییەكان لەناوچەكانی سلێمانی دەردەكران ونەیەكێتیەكانیش لەناوچەكانی ژێردەسەلاتی پارتی دووردەخرانەوە , هەربۆیە ئاوا بەو خێراییە ناتوانین لەوەتێبگەین كە ژیانی ئارەزوومەندانە لای حیزبی كوردی مانای چی؟ وەئەگەر دەشلێن ئێمە دەنگی پەرلەمانمان هەیە كەدەنگی زۆربەی خەلكی كوردە, بەلام ئەوان هەر بۆخۆیان سەردەمانی شەرلە دوای 31ی ئابەوە یەكێتی بەپەرلەمانی دەگوت پەرلەمانی داگیركراوو شەرعیەتی لێ سەندبووەوە, سەردەمانێكیش كەپارتی لەدەرەوەی هەولێر بوو بەهەمان شێوە كاری بەهیچ بریارێكی پەرلەمان نەدەكردو لای وابوو ماوەیاساییەكەی تەواو بووە, هەروەها ئێمە بۆ ئەوەی لەگەل یەكتری و لەگەل دۆستە كۆن و نوێكانمان و خەلكی راستگۆ بین , دەبوو كاك مەسعودلەجیاتی مام جەلالیش سوپاسی ئێران و عێراقیشی بكردایە كە لەو سەردەمەدا جارێك لەشكری ئێران یەكێتی لە سەر سنورەوە هێنایەوە ناو خۆو جارێكیش لەشكری حكومەتی بەعس پارتی لە دەست هێرشی هاوبەشی ئێران و یەكێتی رزگار كردو هەولێرو پەرلەمانەكەی بۆ( ئازاد) كردەوە , بەلام كاك مەسعود ئەو

هەموورووداوە دڵتەزێنانە ناو دەنێت ڕێك و پێكی و دەیەوێت بەوە پاساو بۆ ئەو لەشکرکێشیانە بهێنێتەوە کەدەڵێت : ( ڕاگرتنی پارسەنگی ئەو دوانزە ساڵەی ڕابردوو شتێکی ئاسان نەبوو , بەڵکو ئاست تەنگ و سەخت بوون , هێزەکانی رژێم زۆر لەسنوری ناوچە ڕزگار کراوەکانی ئەو سا نزیك بوون , هەرجموجۆڵێکی هێزەکانی رژێم دەبووە هۆی دروستبونی پشێوییەکی دیکە بۆ گەلەکەمان ........ بۆیە بەهەر شێوەیەك دەبوایە پارسەنگەکە بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان بپارێزین و ئەم کارەش زۆر ئاسان نەبوو ).

بەپێی ئەم بۆ چوونەی کاك مەسعود بێت , دەبێت خەڵکی کوردستان خۆیان بەقەرزاری ئەو حیزبانە بزانن کەلەماوەی ڕابردوودا توانیان ژیرانە ئەو پارسەنگەسیاسی و سەربازییە لەبەرژەوەندی گەل بپارێزن , کە ئاشکرایە ئەو مەنتیقەش دەکاتە ئەو بۆ چوونەی کە سەرکردەی کوردی و حیزبی کوردی تاکو ئێستا جورئەتی ئەوەناکەن ڕەخنە لەهەڵەو کەموکورییەکانی خۆیان و حیزبەکانیان بگرن و هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان کەپاساو بۆشتەناشرینەکانی خۆیان بهێننەوە, هەربۆیە ناشتوانن خاوەن بیرکردنەوەی تەندروستیانە بن, سەبارەت بەوەی کە ئایا فیدراڵیەت لەسەر ئاستی پارێزگاکان دەبێت یان ناوچەیی و نەتەوەیی, من پێم وایە تاکورد نەتوانێت ماڵی خۆی ڕێکبخات ئەوا ناتوانێت  هۆکاری فشاربۆسەر لایەنەپەیوەندیدارەکان دروست بکات , هەربۆیە ئێمەش ناهەقمان نیە کە لەحیزبەکوردیەکان نیگەران و نارەحەتبین چونکە هۆی سەرەکی نەسەلماندنی مافەکانی خەڵکی کورد پێش هەر کەس و لایەنێك ئەوان بەدرێژای ئەو دوانزەساڵەی ڕابردووخۆیان پێشێلکاری بوون و نەیان سەلماند .

Kamalrehuf300 @Hotmail.com